# زنجیرە هەڵسەنگاندنێک لەبارەی کەرتی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان

11-12-2021

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** بازاڕی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان نزیکەی یەک لەسەر سێی کۆی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانی بۆ خۆی برد و، ئەمە وادەکات کە گۆڕانکارییەکانی بایەخی زۆریان هەبێ و کاریگەری لەسەر کەرتەکانی دیکەش دابنێت. ئەم کەرتە بە یەکێک لە بازاڕە چالاکەکانی ئابووری و جوڵەی بازاڕ لە سەنتەری پارێزگاکان دادەنرێت، نەك هەر ئەوە بەڵکو کاریگەری لەسەر سەرچاوە سرووشتییەکانی وەک ئاو و وزە و، کۆی پێکهێنەرەکانی دیکەی پەیوەست بە کەرتی خانووبەرەش دادەنێت. لەبەرئەوەش، هەڵسەنگاندن بۆ کەرتی خانووبەرە گرنگە هەروەهاش بە پێویستییەکی هەنووکەیی لە هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێت. لێرەشدا هەوڵدەدەم بە زنجیرە هەڵسەنگاندنێك سەرنج بۆ رەهەندە جیاوازەکانی ئەم کەرتە رابکێشم کە بریتین لە:

**مەحموود بابان*** ـناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو |

**بەرایی**

بازاڕی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان نزیکەی یەک لەسەر سێی کۆی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانی بۆ خۆی برد و، ئەمە وادەکات کە گۆڕانکارییەکانی بایەخی زۆریان هەبێ و کاریگەری لەسەر کەرتەکانی دیکەش دابنێت. ئەم کەرتە بە یەکێک لە بازاڕە چالاکەکانی ئابووری و جوڵەی بازاڕ لە سەنتەری پارێزگاکان دادەنرێت، نەك هەر ئەوە بەڵکو کاریگەری لەسەر سەرچاوە سرووشتییەکانی وەک ئاو و وزە و، کۆی پێکهێنەرەکانی دیکەی پەیوەست بە کەرتی خانووبەرەش دادەنێت. لەبەرئەوەش، هەڵسەنگاندن بۆ کەرتی خانووبەرە گرنگە هەروەهاش بە پێویستییەکی هەنووکەیی لە هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێت. لێرەشدا هەوڵدەدەم بە زنجیرە هەڵسەنگاندنێك سەرنج بۆ رەهەندە جیاوازەکانی ئەم کەرتە رابکێشم کە بریتین لە:

**بەشی یەکەم: کەرتی خانووبەرە و بەرزبوونەوەی نرخ**

**بەشی دووەم**: کەرتی خانووبەرە و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان

**بەشی سێیەم:** کەرتی خانووبەرە و کرینشینی لە هەرێمی کوردستان

**بەشی چوارەم:** :ئاڵۆزییەکانی کەرتی خانووبەرە، کاری وەبەرهێنەر و کاری کۆمپانیا و نووسینگەکانی خانووبەرە

**بەشی پێنجەم**: سەرچاوە سرووشتییەکان (ئاو) و کەرتی خانووبەرە، ئەزموونی سەنگافۆرە

**بەشی شەشەم**: کەرتی خانووبەرە و شارسازی

**بەشی حەوتەم** : ئاستەنگ و دەرفەتەکانی مۆڵکداری، سیستمی باج و کەرتی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان

**بەشی هەشتەم**: رۆڵی داتا و تەکنەلۆژیا(زیری دەستکرد) لە کەرتی خانووبەرەدا

**بەشی نۆیەم**: بازاڕی شوێنە بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستان

**بەشی دەیەم**: ئاماژەکانی نیو راپرسی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**بەشی یانزەیەم** : ئاسۆی کەرتی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان

**بەشی دووانزەیەم و کۆتایی**: پێشنیازەکان بۆ رێکخستنەوەی کورتخایەن و درێژخایەن لەم کەرتەدا

## بەشی یەکەم: کەرتی خانووبەرە و بەرزبوونەوەی نرخ

بازاڕی خانووبەرەی هەرێمی کوردستان و هەولێر پایتەخت بەتایبەتیش بە قۆناخی زێڕینی سەردەمی خۆیدا تێدەپەڕێت و، ژمارەی پرۆژەکانی خانووبەرە بەتایبەت شوقە، کۆمەڵگە و سیتییە نوێیەکانی نیو شارەکان لە گەشەکردنێکی خێرادایە و ژمارەی ئەو پرۆژانەی ئێستا لەقۆناخی تەواوبووندان پەنجەکانی دەستی تێپەڕاندووە و ئەوانەش کە کاریان تێدا دەکرێت زیاتر نەبن لە چەند هێندە کەمتر نین، کە جوڵەیەکی گەورەی لە بازاڕی کار، کەرەستەی خانووبەرەی نیوخۆیی و دەرەوەدا دروستکردووە. لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە

بەردەوامی بەرزبوونەوەی نرخەکانە سەرەڕای زیادبوونی پڕۆژەکان، بەڵام ئەگەر تۆزێک وردبینەوە لە سێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهاندا بەگشتی، ئەوا لە وەڵامی پرسیارەکەمان زیاتر نزیک دەبینەوە، ئەوانیش زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتووان لە گوندنشینییەوە بۆ شارنشینی، گۆڕانکارییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی بازاڕی خانووبەرەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، لەساڵی 2019دا نرخی یەک مەتر دووجا خانوو لە هەرێمی کوردستان بە 575 دۆلار، نرخی یەک مەتر دووجا شوقە بە 602 دۆلار و نرخی یەک مەتر دووجا زەوی نیشتەجێبوون بە 375 دۆلار لە هەرێمی کوردستان مامەڵەی پێوەکراوە، لەکاتێکدا و لەسەردەمی کۆرۆنادا کە جوڵەی ئابووری جیهان وەستا و گەشەی ئابووری جیهان بە رێژەی جیاواز پاشەکشەی کرد و گەشەی بەرهەمی نیوخۆی عێراق بەرێژەی 12% پاشەکشەی کرد[1] و نرخی نەوتی تێکساس لە خوار سفرەوە مامەڵەی پێوەکرا[2]، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە نرخی یەک مەتر دووجا خانوو و زەوی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان بەرزبووەو لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵیشدا روو لە بەرزبوونەوە بووە. لەڕاستیدا بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە تەنیا پەیوەست نییە بەهەرێمی کوردستان، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بازاڕی خانووبەرە روو لە بەرزبوونەوە بووە، بەشێوەیەک بەپێی ئیندێکسی سندووقی نەختینەی جیهانی IMF لە دوو دەیەی رابردوودا نرخی خانوو زیادبووە، وەکو لە گرافیکی یەکەمدا هاتووە، سەرەڕای خراپی زۆربەی نیشاندەرە ئابوورییەکان لەو ساڵەدا[3]. هەروەها، نرخی شوێنە بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستان رووی لەبەرزبوونەوەیە، بەشێوەیەک لەساڵی 2019دا و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان نرخی یەک مەتر دووجا 2068 دۆلار بووە، بەڵام لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵ دا گەیشتووەتە 2400 دۆلار، بڕوانە گرافیکی دوو لە بارەی نرخی یەک مەتر دووجا بازاڕی خانووبەرە (خانوو، زەوی نیشتەجێبوون و شوقە) لەنیو گەڕەک و پڕۆژەکاندا لە هەرێمی کوردستان.

گرافیکی یەکەم: نرخی بازاڕی خانووبەرە لە جیهاندا، سەرچاوە: IMF,

تێبینی، ساڵی 2000 بنەمای سەرەکی پێوانەکراوی نرخی خانووبەرەیە




سەرچاوە: بازاڕی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان، ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، 2021




گرافیک دوو: بازاڕی خانووبەرە لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان

زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان هەرچەندە بە بەراورد بە عێراق و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە کەمە، بەڵام بەپێی خەمڵاندنی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان نزیکەی 6.3 ملیۆن کەس، لەکاتێکدا کۆی ژمارەی دانیشتووان عێراق بە هەرێمی کوردستان 40 ملیۆن کەسی تێپەڕاندووە[4]، کە بەپێی ئامارە نافەرمییەکانیش بەگشتی کۆمەڵگەی عێراقی و کوردستانی،

کۆمەڵگەیەکی گەنج کە ڕێژەی 60% پێکدەهێنیت، ئەمەش نیشاندەرێکی سەرەکی زیادبوونی خواست بۆ لانکەیەکی ئارام بۆ ژیانکردن، ئێستا نەک تەنیا دانیشتووانی نیوخۆی هەرێمی کوردستان، بگرە دانیشتووانی پارێزگاکانی دیکەی عیراقیش بەتایبەت سوننەکان چاویان لەوەیە لە سەنتەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بژین بەهۆی بەردەستبوونی پێداویستییەکانی ژیان و سەقامگیری زیاتر بە بەراورد بە ناوچەکانی خۆیان.

لە لایەکی دیکەوە، بەپێی راپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان نیوەی دانیشتووانی سەر گۆی زەوی لەنێو شارەکاند دەژین و تاوەکو ساڵی 2030 نزیکەی دوو لەسەر سێ روو لە شارەکان دەکەن و دەژین، ئەگەر ئەمە راستبێ بۆ دانیشتووانی جیهان، ئەوا بێگومان لە دوای 2005ەوە بۆ هەرێمی کوردستانیش راستە، ئامارە نافەرمییەکان و راپۆرتە میدیاییەکان باس کەمبوونەوە و بگرە چۆڵبوونی زۆربەی گوندەکان لە هەرێمی کوردستان بەهۆکاری جیاواز دەکەن[5]. وەک کەمبوونەوەی داهاتی خێزانەکان، شەڕی بەردەوام لەسەر سنوورەکان و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە نەبوونی پلانی حکومەتی فیدڕاڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکانی گوندەکان لەڕووی ئەمنییەوە و پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری و پاڵپشتیکردنی گوندنشینان و دابینکردنی پێداویستی گوندنشینان وایکردووە روو لە شارە گەورەکان بکەن. ئەمەش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر بازاڕی خواست و خستنەڕوو دەبێت. هەروەها، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی شارە گەورەکان و هەبوونی دەرفەتی کار بە بەراورد بە قەزا و ناحییەکان خاڵێکی دیکەیە کەوایکردووە سەنتەری پارێزگاکان ببنە سەنتەری بازاڕی خانووبەرە.

خاڵێکی دیکە گۆڕانکارییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە کاریگەرییەکی راستەوخۆ لەسەر نرخی خانووبەرە و بەرزبوونەوەی نرخەکان هەبووە لە هەرێمی کوردستان، لەڕووی سیاسی و ئەمنییەوە هاتنی داعش و هاتنی بەشێک لە دانیشتووانی پارێزگا سونییەکان بۆ سەنتەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و مانەوەیان بووە هۆی هۆکارێکی بەهێز لەبەرزبوونەوەی خواست لە هەمبەر خستنەڕوودا، هەروەها لەڕووی ئابوورییەوە، گۆڕانکارییەکانی دوای 2005 لە هەرێمی کوردستان پێی نایە قۆناخێکی نوێ و داهاتی تاک و خێزان زیادیکرد و کەرتی ئابووری گەشەکردنێکی خێرای بەخۆوە بینی، کە بە سەرمایەی زیاتر لە 50 ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە کەرتە جیاوازەکاندا ئەنجامدراوە، هەروەها گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ژیان لەنێو شارەکان و شوقە بۆ دانیشتووانی قەزا و گوندەکان، قبووڵکردنی نەتەوەکانی دیکەی وەک عەرەب و رۆژئاوایی، لەسەروو ئەمانەشەوە مانەوەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان کە نزیکەی 1 ملیۆن کەس لە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن، بەپێی راپۆرتی ژمارە 7، 7/9/2021 ناوەندی هاوبەشی هاوئاهەنگی و قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارەی ئاوەرە و پەنابەران لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا وەک ئەوەی لە خشتەی یەکەم دا هاتووە.

خشتەی یەک: ژمارەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان

| ساڵ | ژمارەی پەنابەران | ژمارەی ئاوارەی ناوخۆ | کۆی گشتی ژمارەی ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەر |
|---|---|---|---|
| **2003-2010** | …… | 810,000 | 810,000 |
| **2011-2012** | 270,000 | 95,500 | 366,500 |
| **2013-2014** | 257,000 | 1,003,300 | 1,260,300 |
| **2015** | 227,107 | 1,248,024 | 1,505,024 |
| **2016** | 219,468 | 1,452,927 | 1,672,395 |
| **2017** | 273,499 | 1,190,187 | 1,463,686 |
| **2018** | 284,132 | 1,127,400 | 1,411,532 |
| **2019** | 247,450 | 792,915 | 1,040,365 |
| **2020** | 257,857 | 698,902 | 956,759 |
| **2021*** | 261,781 | 664,237 | 926,018 |

سەرچاوە: راپۆرتی ژمارە 8، ناوەندی هاوبەشی هاوئاهەنگی قەیرانەکان لە وەزارەتی ناوخۆ

* ساڵی 2021 تەنیا ئاماری 9 مانگ

لەراستیدا ئەم ژمارەیە لە ئاوارە و پەنابەر کە یەک لەسەر حەوتی کۆی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنیت، زۆربەشیان لە دەرەوەی کەمپەکان بەتایبەت ئاوارەکان لەنێو سەنتەری شارەکان نیشتەجێبوون داینەمۆی سەرەکی بەرزبوونەوەی خواست بۆ خانوو و شوقە و نرخی خانووبەرەیە لە ئەمساڵ و چەند ساڵی رابردوودا لە هەرێمی کوردستان. ئەگەر توانی کڕێنیشیان نەبووبێت، بەڵام بەکرێ

تێیدا نیشتەجێبوون.

جیاوازییەکی دیکەی نرخی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان و لەسەنتەری شارەکاندا لەنێوان پرۆژەکان و گەڕەکی تەنیشت یاخود نزیک لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون، بۆ نموونە لەشاری هەولێر، جیاوازییەکی گەورە لە خانوویەکی 200 مەتری لەنێو پرۆژەی هیوا ستی و هەمان رووبەری خانوو لە گەڕەکەکانی تەنیشت پرۆژەکاندا کە تەنیا دیوارێکیان جیاوازە. هەروەها جیاوازییەکی دیکە لە ئاراستەی پرۆژەکاندایە، کە لە زۆربەی پارێزگاکاندا چەقی پرۆژەکان کەوتووەتە چەند شوێنێکی شارەکەوە، وەک دروستبوونی زۆنی زێڕین بۆ خانووبەرە و نیشتەجێبوون لە هەولێری پایتەخت.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین بەهۆی کەمبوونەوەی رووبەری شارەکان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی نێو سەنتەری شارەکان بە لەبەرچاوگرتنی سێ هۆکارەکەی سەرەوە، وایکردووە نرخی خانووبەرە روو لەبەرزی بێت و بەردەوام خواست لەهەمبەر خستنەڕوودا زیاتربێت، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایێت کە ئێرە کۆتایی ئەم چیرۆکەیە، هەر بۆیەش لە بەشەکانی دیکەدا بە وردی هەڵوەستە لەسەر رەهەندە جیاوازەکان و کەرتەکانی دیکە دەکەین و  لە بەشی دووەمدا تیشک دەخەینە سەر "کەرتی خانووبەرە و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان".

*لێکۆڵینڤان لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**سەرچاوەکان**


[1] https://documents1.worldbank.org/curated/en/981071637593726857/pdf/Iraq-Economic-Monitor-The-Slippery-Road-to-Economic-Recovery.pdf

[2] https://www.eia.gov/todayinenergy/detail.php?id=46336

[3] https://www.imf.org/external/research/housing/index.htm

[4] https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0211202139

[5] https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2901202113